# نامەی"نامە"کەی بایدن!

31-03-2022

## نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** نامەکەی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بۆ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو قەیرانە کەڵەکەبووە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە هەرێمی کوردستان بەرەو روویان بووەتەوە، پشتگیرییەکی گرنگە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان نییە و لە چوارچێوەی هەوڵێکی گشتی ئەمریکادایە بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی لە جیهان، کە سیاسەتی واشنتن بۆ ململانێی هێزە گەورەکان، شەڕی ئۆکراینا و، دانوستاندنەکانی ڤییەنا و...تاد، دوودڵی کردوون!

**بەرایی**

نامەکەی جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا بۆ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو قەیرانە کەڵەکەبووە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە هەرێمی کوردستان بەرەو ڕوویان بووەتەوە، پشتگیرییەکی گرنگە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان نییە و لە چوارچێوەی هەوڵێکی گشتی ئەمریکادایە بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی لە جیهان، کە سیاسەتی واشنتن بۆ ململانێی هێزە گەورەکان، شەڕی ئۆکراینا و، دانوستاندنەکانی ڤییەنا و...تاد، دوودڵی کردوون!

بایدن بۆ خۆی سەردانی ئەوروپای کرد تاوەکو هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی دڵنیا بکاتەوە. وەزیری دەرەوەیشی نارده رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوەکو نیگەرانییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی عەرەبی بڕەوێنێتەوە. بە ئینشای خۆیشی نامەیەکی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیوە، تاوەکو دڵنیایی پێبدات.

**رەواندنەوەی نیگەرانییە ئەمنییەکان**

نزیکەی 9 رۆژ دوای یەکەم رۆژی نەورۆز و 17 رۆژیش دوای هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر هەولێر، سەرۆك بایدن لە نامەیەکدا کە بە باڵیۆزی وڵاتەکەیدا بۆ سەرۆك نێچیرڤان بارزانی نارد، سەرکۆنەی هێرشەکەی هەولێری کرد و هەروەها پیرۆزبایی نەورۆزیشی کردووە.

جەختکردنەوەی بایدن بە "پابەندیی دوورمەودوا"ی ئەمریکا بە ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان و عێراق لە نامەکەدا خاڵێکی جێگەی سەرنجە. دیارە ئەمەش رێك پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەتایبەتی لە دوای شەڕی ئۆکراینا‌وە، ئەمریکا خەریکە جارێکی دیکە لا لە هاوپەیمانەکانی دەکاتەوە. بیرۆکەی کەمکردنەوەی بایەخ بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەجیاتی ئەوە، بایەخدان بە ململانێی هێزە گەورەکان لە شوێنی دیکە هەڵە دەرچوو، چونکە ئەو هێزە گەورانەی تەگەرە بۆ ئەمریکا دروستدەکەن، لێرە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش هەن!

دەکرێ جەختکردنەوە لە "پابەندی دورمەودا"ی ئەمریکا بە ئاسایش و ئارامی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ڕووداوەکانی وەك بڕیارێکی ئەم دواییانەی کۆمپانیای لۆکهید مارتینی ئەمریکی بۆ سەرمایەگوزاری زیاتر لە یەك ملیار دۆلار لە پیشەسازی سەربازی لە سعودیە[1]، بەشداری بلینکن لە کۆبوونەوە دەگمەنەکەی نەقەب لە ئیسرائیل، بەڵێنی بلینکن بۆ ئیمارات لە هاوکاریکردن لە بەرامبەر هێرشی حوسییەکان[2]، هەروەها پەیوەندییەکەی بلینکن لەگەڵ شازادە فەیسەڵ بن فەرحان هاوتا سعودییەکەی لەبارەی هاوکاری بۆ ئاسایشی ناوچەیی، هەمووی لە چوارچێوەی یەك سیاسەتدا تەماشا بکرێت؛ کە ئەویش دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکایە. لەوانەیە نامەکەی بایدن نیشانەی ئەوەبێ کە ئەمریکا هاوشانی هاوپەیمانەکانی دیکەی لە ناوچەکە، تەماشای هەرێمی کوردستان دەکات و، دەزانێت کە ئیدی پێویستە زیاتر بایەخ بە نیگەرانییە ئەمنییەکانی هەولێر بدات.

**پشتیوانی دیالۆگی ناوخۆیی و دەرەکی**

هەڕەشەی تیرۆر، هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکان کە ناوە ناوە بە بیانووی ئەمریکا پەلاماری هەرێمی کوردستان دەدەن و، ئەوانەی ئێرانیش کە هەرجارەو بە بیانوویەك هێرش دەکات، زیاتر لە جاران پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستانی بە درۆن و سیستەمی بەرگری مووشەکی دەرخستووە. بە لەبەرچاوگرتنی رێگرییە سیاسی و بیرۆکراسییەکان بۆ پرسی درۆندارکردنی پێشمەرگە، هێشتا روون نییە ئیدارەی سەرۆك بایدن چۆن دەتوانێ بە کردەوە یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدات بۆ دابینکردنی ئاسایشێکی دوورمەودا کە بێگومان سیستەمی بەرگری مووشەکی یەکێك لە پێداویستییەکانی دەبێت. ئا لێرەدایە کە بەشی دووەمی پەیامی نامەکەی بەڕوونی دەردەکەوێت. بەتایبەتی ئەوکاتەی کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە ئاسایش و سەقامگیری عێراق تەماشا دەکات.

ئەمە بە زمانێکی ناڕاستەوخۆ واتای ئەوەیە کە پشتیوانی دیالۆگی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات سەبارەت ئەو کێشانەی لەسەر یەکتر کەڵەکەکراون. لەم کاتانەدا کە بەغدا لە دۆسییەی نەوت و گازدا زۆر گوشار لە هەرێمی کوردستان دەکات و دۆخی عێراقیش ناجێگیرە و پرۆسەی سیاسی لە دوای هەلبژاردن تەنگ و چەڵەمەی زۆری تێدایە، خودی نامەکە پشتیوانییەکی سیاسی بەهێزە لە هەرێمی کوردستان کە دەتوانێت پێگەکەی بەهێزتر بکات، هەڵبەت بەومەرجەی کە رووی هەولێر بەرەو بەغدا بێت!

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لێرەدا پێویستە ئاوڕێك لەو مژارانەش بدەینەوە کە ماتیۆ تولەر باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق لە پەراوێزی گەیاندنی نامەکەی بایدن دا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسیکردوون. دەکرێ باسەکانی نێوانیان لە ژێر ناونیشانی 6 مژاری گرنگی ناوخۆیی و دەرەکی کۆبکەینەوە.[3]

پرۆسەی سیاسی لە دوای هەڵبژاردن و دانیشتنەکانی پەرلەمان، کە ئەوە مژارە گەرمەکەیە. تولەر جەختی لە گرنگی دیالۆگی هەرێمی کوردستان ـ بەغدا سەبارەت پرسەکانی نێوانیان، بایەخی یەکگرتوویی کورد لە بەغدا و پرسی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کردووە، کە مشتومڕی لەسەرە. هەروەها بابەتی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەش مژارێکی دانیشتنەکە بووە. بێجگە لەوانەش، باسی شەڕی ئۆکراینا و دانوستاندنەکانی ڤییەناش کراوە.

**کۆتایی**

بەکورتی نامەی "نامەکەی بایدن" و ئەمریکا ئەمەیە: هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی ئێمەیە، پشتیوانیی لێدەکەین. شەڕی بۆ ناکەین، بەڵام یارمەتی دەدەین. هەڵبەت داواش لە هەرێمی کوردستان دەکات لە ناوخۆ رێکبکەون، کە ئاماژەیە بۆ کێشەکانی نێوان یەکیتی و پارتی. هەروەها داوادەکات لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دەوروبەریش دیالۆگ بکات و، هاوسەنگییەك لە ناوخۆ و دەرەوە دروست بکات. رێك وەك چۆن حەزدەکات دیمەنی "پێکهاتنێکی سارد" لەنێوان رکابەرەکانی جاران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببینێت کە کاتی خۆی ئۆباما باسی کردبوو، دەیەوێ هەرێمی کوردستانیش  لە ناوخۆ و لە دەرەوەش، بە تایبەت یەکێتی و پارتی، هەولێر و بەغدا لانیکەم بەرەو پێکهاتنێکی سارد برۆن. ناردنی نامەکەش بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە ناوخۆ و دەرەوە بە پیاوی دانوستاندن و ریککەوتن ناسراوە، هەر بە ئاراستەی ئەو سیاسەتەیە.

**سەرچاوەکان**


- [1]
https://www.reuters.com/business/aerospace-defense/lockheed-martin-invest-1-bln-military-manufacturing-s-arabia-2022-03-08/

[2] -https://www.reuters.com/world/us-blinken-meet-uae-leader-morocco-shore-up-ties-2022-03-29/

[3] _https://presidency.gov.krd/en/president-nechirvan-barzani-receives-us-ambassador-to-iraq/